# کۆڕی بەڕێز/ ڕێبین حسن جاف
# "ڕۆڵی لاوان لە کۆمەڵگای کوریدا"

2006/2/14

لەسەرەتای باسەکەمدا مەبەستمە هەوڵبدەم ڕۆڵی لاو (گەنج) لە کۆمەڵگای کوریدا لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا دیاری بکەم، لەهەمان کاتدا کاریگەری ئەم لاوە لەسەر کۆمەڵگاکەی چ لەرووی رامیاری یاخود کۆمەڵایەتی یاخود ئاستی رۆشنبیری هتد.. هیوادارم بتوانم بەشێك لەم باسە فراوانە پێش کەش بەئێوەی بەڕێز بکەم، ئەمەش بەئاماژەدان بەچەند لایەنێك.

1- رەهەندی نەتەوەیی مەبەست هەستی نەتەوەییە لەهزری گەنج دا،چ ئەگەر لاواز بووە یاخود بەپێچەوانەوە، وە خوێندنەوەی بەهەر دیویێکدا هۆکارەکەی دەبێت چی بێت.

2- رەهەندی کۆمەڵایەتی.

3- رەهەندی رۆشنبیری و کاریگەری زانکۆ لەنێو کۆمەڵگای کوریدا.

4- ئاستی توانایی رێکخراو سەنتەرە رۆشنبیرییە ناحکومیەکان (NGO).

مەبەستمە و بەگرنگی دەزانم دیراسەی ئەم لایەنە جیاوازانە بکرێت، وە داوای لێبوردن گەر لەدەربریندا موفەق نەبووم، یاخود وەك پێویست لە توانامدا نەبوو تەعبیر لەنیەتی باسەکەم بکەم. لێرەوە بەقسەکردن لەسەر رەهەندی نەتەوەی دەست بەباسەکەم دەکەم.

**1- رەهەندی نەتەوەیی:-** فاکتەرەکانی لاواز بوونی هەستی نەتەوەی لەهزری لاو (گەنج) دا : کاتێك ئێمە بۆمان روون دەبێتەوە کە هۆکارە بابەتی و خودی لەپشت ئەم رەهەندەوە هەیە. لەوانەش

**أ- شەڕی ناوخۆی سالی 1994 "براکوژی"** :- بێ شك شەڕی ناوخۆ "براکوژی" لە سالی 1994 دەستی پێکرد لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی و یەکێتی نیشتمانی فاکتەرێکی سەرەکی ئەم لاوازییە بوو، کەدواجار لەدەست چوون و سپاردنی رۆحی هەزاران لاوی کوردی بەخاك بەخشی، لەم جارەشدا هەر لاو بوو، بوو بە قوربانی عەقلێکی پیر، ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکی ئەم لاوازییە بوو، لەراستی دا لەم زەمەنە شەڕاویە کە پڕیەتی لەنیگەرانی، هەستی نەتەوەیی ماڵئاوای کرد لە کۆمەڵگای کوردی بەجۆرێك لەجۆرەکان و هەستی حزبایەتی باڵی بەسەر ئەم هەستە پیرۆزە داگرت، ئەمەش تا ئەو رادەیەی کوردستان دابەش کرا بۆ دووبەش، وە دەست بەسەراگرتنی ئەم حزبانە بەسەر ئەم دوو بەشەدا.

لەواقعیدا ئەم جەنگە خوێناوییە ئەگەر چی زۆرێك لەنەتەوەکان ئەزموونیان کردبوو، لەهەمان کاتدا بەئەزموونێکی تاڵ و زەمەنێکی تاریك کە رووناکی ماڵ ئاوای لێکردبوو ناوزەندکرا لەمێژووی نەتەوەی کوردا. کە لەدواساتەکانی ئەم جەنگە و سەرەتای هەوڵە ئاشتەوایەکاندا، سەرکردایەتی کورد بەئاشکرا ئەم جەنگەیان بەهەڵەیەکی مێژووی ناوزەند کردو داوای لێبوردنیان لەنەتەوەی کورد کرد.

**ب- نایەکسانی لەدابەش کردنی داهاتی نەتەوەیی** :- ئەگەر چینی رۆشنبیر خوێندنەوەیەکی واقیعانە بۆ ئەم گرفتە بکات کە ئەویش لاوازی هەستی نەتەوەییە لای گەنج "لاو"، ئەوا دەڵێت ناعەدالەتی و نایەکسانی ئەم دابەشکردنەی سەروەی نیشتمانی هۆکارێکی تری ئەم لاوازییەی هەستی نەتەوەییە، چونکە تۆ کەدەبینیت داهاتی مانگانەی هەندێك بەرپرس کەشیاوی ئەو مەکانەتە گرنگ و پیرۆزە نیە

چەند ملیۆن دینارێکە بەم پارە تازە، کەچی لە بەرامبەردا داهاتی لاوێکی تازە دەرچووی زانکۆش ڕەنگە لەسەدوپەنجا هەزار دیناری چاپی نوێ تێپەر نەکات، ئا لێرەدا گرفتەکە سەرهەڵدەدات کە بەندە پێی وایە لەم حاڵەدا ئەم لاوە بەتوانا رۆشنبیرە هیچ پێناسێکی بۆ بوونی هەستی نەتەوەیی لەهزردا نامێنێت، بۆچی؟ پرسیارە وەڵامەکەشی لەبەر ئەوەی کاتێك ئەم لاوە دێتە سەر ماڵێکی ساردوسڕ لەوەرزی زستانداو بەبینین و تێڕامانی چەند براو خوشکێکی بێ جل و بەرگ و برسی مەخابن سەد مەخابن لەو دەمەداو لەو ساتەوەختەدا هەستی نەتەوەی لەهزری ئەم تاکە "لاوە" بێ ئومێدەدا لەبار دەچێت و هیچ مانایەك بۆ ئەم هەستە بەشیاو نازانێت و بێزو گاڵتە بەم ڕستە جوانە دەکات، ئەگەر چی لەناخیدا ئەم هەستە نەتەوەییە بەپیرۆزی پارێزراوە، بەڵام ئەمە هەڵوێستەو ناچێتە خانەی (رد الفعل) تا ئەوکاتەی کە هیچ گرنگیەك بەم گرفتە نادرێت.

ئەم هەڵوێستەش لەئەنجامی باڵ کێشانی داخ و نیگەرانی و بێ ئومێدی یە.

**ج- رێگا نەدان بەئازادی ڕا دەربرین:-** وەك مانا راستەقینەکەی خۆی لەم وولاتەی ئێمەدا ئەگەر چی بەجۆرێك لەجۆرەکان ئازاو ڕادەربرین هەستی پێدەکرێت، بەڵام بەدیۆیکی تردا ئەم ئازادی ڕادەربڕینە کۆنکرێت و زیندە بەچاڵ کراوە، جا بۆ ئەوەی هەستی نەتەوەیی لەهزری لاو گەنجی ئەم وولاتەدا پیرۆزی خۆی لەدەست نەدات و گەشە بکات، دەبێت ئازادی ڕادەربرین لەئەرکەکانی باوەربوونمان بێت بە دیموکراسیەت، لە پێناو ئەوەی چینێك یاخود توێژێکی جودا خوازو یاخی دروست نەبێت کە دژی هەر بەهاو پرنسیپێکی حزبی و حکومی بێت، دەبێت دەسەڵات بە تەواوی رەهەندە جیاوازەکانیەوە رێگا بدات وە باوەری هەبێت بە بەشەفافیەت و ڕای جیاوازو ڕەنگ و دەنگی جیاواز، ئەمەش دەبێت کاری بۆ بکرێت، چۆن ؟ بەو مانایەی رێگا بدرێت بە خەڵکی هوشیارو رۆشنبیرو ئاکتیف کەرۆڵ ببینن وە بتوانن و ئازادبن لەوەی تەعبیر لەئیرادەو ڕای خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی چیتر ژیان نەبێت بەقبوڵ کردن و گوێداگرتن لەهەڵەکان و دووبارە کردنەوەیان، بوونی ڕای جیاواز واتە باسکردن و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دووبارە بنیات نانی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ و پێش کەوتوو.

**د- دروست بوونی چینی دەوڵەمەندو هەژار** "چینی ئەرستۆکرات و پرۆلیتار کرێکار" و نا هەوسەنگی لەنێوان داهاتی لاوێك و داهاتی بەرپرسێك: ناعەدالەتی و نەبوونی إجراءاتی پێویست و لێنەپێچینەوە لەکارو ئەنجامی دەزگاکانی دەوڵەت هۆکارێکی بەرچاو بووە لەدروست بوونی ناهاوسەنگی لەنێوان داهاتی لاوێك و داهاتی بەرپرسێك ، لەهەمان کاتدا دروست بوونی دوو چینی "توێژ" لە نێو کۆمەڵگادا ئەوانیش چینی سەرمایەدار "ئەرستۆکرات" و چینی پرۆلیتار کرێکارە بووە بەفاکتەرێکی سەرەکی کە ئەم دوو چینە نەتوانن مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئەمەش لەئەنجامی لەناوچوونی چینی ناوەند (وسطی) بەدەرئەنجام دوو مەملەکەتی جیاواز و دوو ژیانی جیاوازو دوو عەقڵی جیاوازو دوو أحساسی جیاواز پەیدا دەبن، نموونەش وەك شاری خەونەکان کە سەرجەم سێرفسەکان "خزمەتگوزارییەکانی" بۆ دابین کراوە بەبەردەوامی و لەبەرامبەردا گەرەکی کوڕانی عینکاوە کە چەند سەدمەترێك مەودای نێوانیانە کە تەنها ژیانی مرۆڤی تێدا بەسەر نابرێت، ئەمە کورد گۆتەنی "مشتێکە لەخەروارێك" وە نموونەیەکی ساناو سەرەتاییە، ئیتر دەبێت هەستی نەتەوەی لەکوێ هەبێت، لەسەر کۆڵان یان لەبازار !!

لەهەمان کاتدا لەرووی ئابوورییەوە ناسەقامگیری باری ئابووری خێزان و سەربەخۆ نەبوونی لاو لەبوارە جیاوازەکانی ژیاندا "سیاسی ، رۆشنبیری ، رابواردن intretment ، کۆمەڵایەتی هتد.." دەبێتە هۆی لاواز بوونی ئەم هەستە نەتەوەییە، نموونەش دەکرێت خوێنەری بەرێز ژیانی خۆت بکەیت بەنموونەی ئەم دێرە نووسراوەی سەرەوە.

2- **ڕەهەندی کۆمەڵایەتی**:- دەکرێت وەك کۆمەڵناسێك بڵێم "ئاکتیڤی کۆمەڵگا مانای رۆڵ بینینی (لاو) دەگەیەنێت لەنێو کۆمەڵگادا، بەڵام لەکاتێکدا کۆمەڵگا هیچ بنەماو پرنسیپێکی کۆمەڵایەتی تێدا بەدیناکرێت، لاو بە پاشکۆی کۆمەڵگا دادەنرێت، ئیتر کۆمەڵگا هیچ رۆڵێك نابینێت و بەئەرکی خۆی هەڵناسێت، دەرئەنجام کۆمەڵگا دەبێتە ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی، ئیتر لاوێك نامێنێت ئاکتیڤی خۆی بسەلمێنێت لەنێو کۆمەڵگادا، کاتێك لاو دەبێت بەپاشکۆی کۆمەڵگا ئەوا کۆمەڵگا بەشێوەیەکی تلقائی بەرەو پوکانەوە دەچێت، کاتێك ئێمە دەڵێین لاو پاشکۆیە، ئەوا مانای وایە کۆمەڵگا عەقڵێکی پیر بەرێوەیدەبات. ئەمە نەك بەو مانایەی مەبەستمان مرۆڤێکی پیر لەرووی فسیۆلۆجیەوە بێت. نەخێر بەڵکو عەقڵێکی پیر کەگۆرانی زەمەن فاکتەرە بۆ نەمانی کاریگەری پۆزەتیڤانەی ئەم عەقڵە کەدواجار پیر دەبێت لەرووی تواناو راهێنانەوە، کاتێك دەبینین کۆمەڵگا عەقلێکی پیری ناپێویست بەرێوەیدەبات بەهۆی خێرای گۆرانکارییەکان ، ئیتر ئەمە دەبێت بەکارەسات بۆ عەقڵی لاو کەعەقڵی پاش عەقڵی پیرە، دواجار عەقڵە لاوەکە دەبێت بەقوربانی ئەم عەقڵە پیرەو هاوشێوەی ئەو دەبێت.

لەهەمان کاتدا لەرووی فسیۆلۆجیەوە دەرکەوتوە (لاو) توانایەکی بێ ئەندازەی هەیە لەرووی عەقڵ و جەستەوە، بۆیە کاتێك کۆمەڵگا ئەم توانا عەقڵی و جەستەیەی لاوێك فەرامۆش دەکات یاخود بەپێویستی کۆمەڵگای نازانێت کەدەرئەنجامەکەی پەراوێز خستنی ئەم لاوەیە، سەرجەم تواناکانی ئەم لاوە (گەنج) زیندە بەچاڵ دەکرێت . لەم ساتەدا ئەم پەراوێزخستنەی لاو لەلایەن کۆمەڵگاکەیەوە فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ لاسار بوون و بەرەو هەڵدێر بوونی لاو، و ئاراستەکردنی بەرەو کەناری نائارامی و ئاشناکردنی بەنامۆبوون و رق و دژایەتی، جا بۆیە پەراوێز خستنی لاو ، وا لە گەنج دەکات تووشی لادان (أنحراف) فکری و رەوشتی بێت. لە هەمان کاتدا ئەگەر ژینگەیەکی تەندروست زەمینە سازی بۆ نەکرێت واتە بۆ لاو، ئەوا لاو ناتوانێت توانا و فکرە جوانەکانی پێش کەش بە کۆمەڵگا بکات، یان رۆڵی هەبێت لەکۆمەڵگا.

3- **رۆڵ نەبینینی رێکخراوە ناحکومی و سەنتەرە رۆشنبیرییەکان (NGO )**

(NGO) یاخود رێکخراو سەنتەرە رۆشنبیرییەکان و ئاکتیڤیان و بوونیان لەنێو کۆمەڵگادا مانای رۆڵ بینی کۆمەڵگایە، وە ئەم کۆمەڵگایە دەبێت بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و مۆدێرن، بۆ ئەم مەبەستە لەچەند خاڵێك دا ئەم لایەنە روون دەکەمەوە.

أ/ رێکخراو سەنتەرە رۆشنبیرییەکان باڵێکی جوانی کۆمەڵگای مەدەنین ، بۆیە کارێکی باشە گەر هاوکاری ماددی و مەعنەوی بکرێن، بەڵام دەبێت میکانیزمێك هەبێت بۆ جێ بەجێ کردن و تەرجەمەکردنی ئەم هاوکارییە ماددی و مەعنەویە بەشێوەیەکی دروست و تەندروست، چونکە (بەندە) دڵنیایە حکومەت هاوکاری تەواوی ماددی و مەعنەوی ئەم رێکخراوە رۆشنبیریانە دەکات، کە

هەوڵدەدەن بۆ بەرەو پێش بردنی مەدەنیەت و گەشەپێکردنی کۆمەڵگا. بەڵام نەبوونی میکانیزمێکی پێویست کارێکی نەگەتیڤە.

ب/ گەر بپرسین ئایا ئەم رێکخراو سەنتەرە رۆشنبیریانە تا چ ئاستێك بەرهەمێکی باشی کارەکانیان بەکۆمەڵگای کوردستانی بەخشیوە؟ ئەمە پرسیاری ئێمەیە کە دەکرێت کاری بۆ بکرێت.

ج/ (NGO) کان نەیانتوانیوە ئەم هاوکارییەی سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان، تەرجەمە ئەرزی واقیع بکەن، ئەم بەو مانای کە هەوڵ و چالاکیە رۆشنبیرییەکانیان وەك پێویست نیە. واتە ناتوانن هاوکاری حکومەت بەکاربهێنن بۆ ئاکتیف کردنی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان.

د/ کەمتەرخەمی هەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و ناوخۆ، لەمۆڵەت پێدانی رەسمی ئەم رێکخراو سەنتەرە رۆشنبیریانە، بەشێوەیەکی عەشوایی واتە نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمەو دیراسە نەکردنی شاروکۆمەڵگا کە تا چەند پێویستی بە ئەم رێکخراوە رۆشنبیریانە هەیە. بەدیوێکی تری باسەکەمدا، دەکرێت ئاماژە بەرۆڵ نەبینی زانکۆ بکەین لەکوردستانداو نەبوونی (افهم) تێگەیشتنێکی دروست بۆ گۆڕانکارییەکان و چارەسەرکردنی دیاردەکان و پێگەیاندنی توێژێکی هەستیاری داهێنەر و پسپۆر بۆ کۆمەڵگای کوردی ئەمەش لەبەر سێ هۆکارە.

1- خراپی و پەککەوتووی سیستەمی خوێندن لەزانکۆدا.

2- نەبوونی مامۆستای ئەکادیمی ، بەشێوەیەکی پێویست بۆ نێو زانکۆ.

3- ئیدارەی زانکۆ و نەتوانین بەچارەسەرکردنی گرفتەکان (واتە نەبوونی ئیدارەیەکی پێویست).

4- نەبوون یاخود خراپی پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی.